# ژن: سێکس و شتاندن لە گاڵتەوگەپی کوردیدا
## (ڕشتەی مرواری بە نموونە)

ڕەنجدەر فەتاح ساڵح

Ranjdar.saleh@su.edu.krd

**پوختە:**

ناوەڕۆک و کاریگەرییەکانی گاڵتەوگەپی سێکسی، بوارێکی گرنگی توێژینەوەیە و ئەدەبیاتێکی فرەوانی تیۆری و توێژینەوەی لەمەڕ کەڵەکە کراوە. بەسادەیی، نوکتە سێکسییەکان وەک دژەژن و دەربڕی ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری دەردەکەون. لەکاتێکدا ژنان بۆتە نیاشت/ئۆبژەیەکی سێکسی کەمدەکەنەوە. ئەم توێژینەوەیە، گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزی لە چوارچێوەی گاڵتەوگەپی کوردی دەستنیشان دەکات. لەڕێگەی شیکاریی ناوەڕۆک بۆ ٣٥٥ نوکتە و دەقی گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزی، ڕوون دەکرێتەوە کە گاڵتەوگەپە سێکسییەکان لە بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژیای زاڵی پیاوسالاری، خزمەت بە چەندان ئەرک دەکەن. لەناویاندا: بەرەودان بە پلەبەندی ڕەگەزیی، سەرتریی پیاو، شتاندنی سێکسی ژن و بانگەشەکردن بۆ توندوتیژی دژی ژنان. بەو شێوەیەش گاڵتەوگەپی سێکسی وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە پێناو پارێزگاری لە سیستەمی زاڵ و هێشتنەوەی وەک خۆی دۆخەکە-سەردەستیی پیاو و بندەستیی ژن- کار دەکات.

کلیلە وشەکان: گاڵتەوگەپی سێکسی، ڕەگەز، پلەبەندی ڕەگەزی، شتاندنی سێکسی.

## پێشەکی

گاڵتەوگەپ لە پێوەندیی سێکس و ڕەگەزدا، بوار و پانتاییەکی فرەوان لە تیۆر و توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی پێک دێنێت. تیۆرڤان و توێژەران بەتەنگ دەستنیشانکردنی ئەرک و کاریگەرییەکانی گاڵتەوگەپی سێکسیین، بەدڵنیایی گرێدراو بە ڕەگەز وەک جۆری کۆمەڵایەتی.

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گاڵتەوگەپی سێکسی، بێچەندوچوون خزمەت بە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان ڕەگەزەکان و دەرخستنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان دەکات.

سەرەڕای بایەخدانی زۆری کۆمەڵناسان بە گاڵتەوگەپ، بەڵام هێشتا لەناو کورددا بوارەکە پەراوێز خراوە. لەکاتێکدا سەرچاوەگەلێکی نوکتە و گاڵتەوگەپی کۆکراوە کەڵەکەکراون لەلایەک و لەلایەکی دی گاڵتەوگەپ بەشێوەیەکی فرەوان ئاوێتەی هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بووە و ئەوەش گرنگیی بابەتەکە بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی ڕوون دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ناوەڕۆک و کاریگەرییەکانی گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزی دەکۆڵێتەوە. لەڕێگەی شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی ٣٥٥ نوکتە و گێڕانەوەی گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزییەوە کە لە دووتوێی گەورەترین سەرچاوەی تۆمارکراوی گاڵتەوگەپی کوردی- ڕشتەی مرواری- دەستنیشان کراون، کە تا ئەمڕۆش یەکێک لە بەربڵاوترین کتێبە کوردییەکانە.

ئامانجی توێژینەوەکە، دیاریکردنی ئەرک و کاریگەرییەکانی گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزییە(تایبەت بە ژن). لە سەرەتادا، دەستنیشانکردنی پایەی گاڵتەوگەپی سێکسی لە چوارچێوەی گاڵتەوگەپی کوردیدا و پاشان دەرخستنی ئەرک و کاریگەرییەکانی.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەندان ئەرک و کاریگەری گاڵتەوگەپی سێکسی دەردەخەن؛ لە گرنگترینیان بانگەشەی پلەبەندی ڕەگەزی، شتاندنی سێکسی ژن و توندوتیژیی دژی ژن.

## ئەدەبیاتی پێشوو

نوکتە سێکسی و ڕەگەزییەکان وەک ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای باوی سێکسیزم، ژنان کەم دەکەنەوە بۆ تەنیا ئۆبژەیەکی سێکسی. دەتوانین بڵێین بە پاتەکردنەوەی ئایدیۆلۆژیایەکە، پشتگیری دەکەن. ئەوە پاتە کراوەتەوە کە سێکساندن (sexualisation) دەتوانێت لە شێوەی زارەکیدا دەربکەوێت و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزی باڵادەست بێت(Wouters, ٢٠١٠: ٧٢٤).

بەگوێرەی توێژینەوەکەی ڤێندیتۆ و هاوەڵانی، ئەو زمانە سێکسییەی بۆ دژایەتیی ژنان لە کایەی گشتی بەکار هێنراوە، ڕەگێکی قووڵی لە ستێریۆتایپە ڕەگەزییە باڵادەستەکاندا هەیە (Venditto, et, al, ٢٠٢٢: ٤٥٨). کەواتە، گاڵتەوگەپی سێکسی بە سوودوەرگرتن لە ستێریۆتایپە ڕەگەزییەکان بەرەو بە ئایدیۆلۆژیای زاڵی سێکسی دەدات.

گاڵتەوگەپی سێکسی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات کە سێکسیزم بەرەوپێش دەبات و ژنان بێبایەخ دەکات. بەڵکوو هەراسانکردنی سێکسی لەڕێگەی گاڵتەوگەپەوە دەبێتە هۆی بێبایەخکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی جددی (Montemurro, ٢٠٠٣: ٤٣٣). مالێت و هاوەڵانی، دەربڕینی سێکسیزم لە ژێر پەردەی نوکتەدا، وەک «ئامرازێکی فێڵبازانە» ڕوون دەکەنەوە؛ نوکتە دەتوانێت پەیامە سێکسییەکان مەترسیدارتر و قورستر بکات لە لێدوانی جددی. هەرچەندە ناوەڕۆکی پەیامەکە وەک یەکە- کە ژنان یەکسان نین بە پیاوان- سروشتی گاڵتەجاڕانەی پەیامێکی سێکسی، ڕووبەڕووبوونەوە کەم دەکاتەوە (Mallett, et. al., ٢٠١٦: ٢٨٢).

هەرچەند هەموو نوکتەی سێکسی بە دوژمنکارانە سەیر ناکرێن، بەڵام هەندێک پێداگیری هەن کە نوکتە سێکسییەکان چ سێکسیزمی دوژمنکارانە و چ سێکسیزمی چاکەکارانە یەکتر تەواودەکەن. ئەوەی دووەمیان ڕواڵەتێکی ئەرێنی هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا خزمەت بە هەمان بیرۆکەی سەرتری ڕەگەزی دەکات. وەک لە هەڵسەنگاندنی جیاوازی ژنان بۆ نوکتەکان دەرکەوتووە(Prusaczyk, ٢٠١٨: ٣٣).

توێژینەوەکان پاتەی کاریگەری نەرێنی گاڵتەوگەپی سێکسی لەسەر ژن دەکەنەوە. بریدن (٢٠١٧) دوو گریمانەی

پێوەست بە کاریگەریی نوکتە سێکسییەکانی لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی ژن تاقیکردنەوە. بەو ئاراستەیەی کە نوکتەی سێکسی هەڕەشەی بەردەوامی لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی ژن هەیە یان هەڕەشەکە لەو چوارچێوەیەدا دەبێت کە نوکتەکەی تێدا دەگوترێت. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشتگیریان لە گریمانەی دووەم کرد(Breeden, ٢٠١٧: ١٨).

لەکاتێکدا شتاندنی ژن خەسڵەتێکی زاڵە لە گاڵتەوگەپی سێکسییدا، وا دەردەکەوێت بەرەو خۆشتاندنی مێینە (self-objectification) سەربکێشێت. خۆشتاندنی مێینە باوەڕبوون بە ویستی ئازادانەیان کەم دەکاتەوە(Baldissarri, et., al., ٢٠١٩: ١٨٦٧). شتاندنی سێکسی ژن نەریتێکی کۆنی گاڵتەوگەپە. بێرهەنگ، ئەو نەریتە کۆنەی لە شیکردنەوەی شانۆنامەکانی ئەرستۆڤاندا دەستنیشان کردووە (Berhang, ٢٠٠٩: ٢).

فۆرد و هاوەڵانی، دوو ئەنجامیان لەمەڕ کاریگەری گاڵتەوگەپی سێکسی ڕاگەیاند؛ ١. ژنان زیاتر خۆشتاندنیان ڕاگەیاندووە دوای بەرکەوتنیان لەگەڵ گاڵتەوگەپە سێکسییەکان؛ ٢. گاڵتەوگەپە سێکسییەکان دەبنە هۆی ئەوەی ژنان زیاتر سەرنجیان لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی جەستەیان بێت لەڕوانگەی کەسی سێیەمەوە: گاڵتەوگەپی سێکسی دەتوانێت زیاتر بێت لە تەنیا ئەزموونێکی هێرشبەرانە بۆ ژنان؛ بەڵکوو دەتوانێت کاریگەری زیانگەیەنەرانەی هەبێت لەسەر چۆنیەتیی هەستکردنی ژنان لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا (Ford, et., al., ٢٠١٥: ٢٦٥).

توێژەران بێمیلەر و شنایدەر (٢٠١٠) لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ١٥٣ نوکتەی سێکسی، دەریانخست کە نوکتە سێکسییەکان ئیش لەسەر شتاندنی سێکسی ژن، بێبەهاکردنی توانستە کەسی و پشتگیری لە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن(Bemiller & Schneider, ٤٦٠). هەردوو کۆمەڵناسەکە پاتەی هەمان ئەنجامە گرنگەکان دەکەنەوە لەوەی چۆن گاڵتەوگەپی سێکسی پلەبەندی ڕەگەزی و ئایدیۆلۆژیای باوی پیاوسالاری دەنوێنێتەوە.

میتۆد

ئەم توێژینەوەیە پاڵپشت بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزی لە چوارچێوەی گاڵتەوگەپی کوردی دەستنیشان دەکات.

لەم توێژینەوەیەدا «ڕشتەی مرواری» وەک گەورەترین سەرچاوەی گاڵتەوگەپی کوردی بەکارهێنراوە. لە کۆی نزیکەی دوو هەزار نوکتە و دەقی گاڵتەوگەپی کە لە دووتوێی هەشت بەرگ لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٣) بڵاوکراونەتەوە، (٣٥٥) نوکتە و دەقی گاڵتەوگەپی سێکسی و ڕەگەزیمان دەستنیشان کرد. دیاریکردنی ڕشتەی مرواری بۆ توێژینەوەکە گونجاو بوو. لەبەر ئەوەی زۆرترین نوکتەی سێکسی لەخۆدەگرێت و نووسەرەکەی بەبێ خۆبواردن لە دەربڕینە سێکسییەکان، گێڕانەوەکانی تۆمارکردوون و ئەو خاڵەش بۆ توێژینەوەکەمان زۆر گرنگە، چونکە کۆکراوەکە باشتر نوێنەرایەتی ئەو نوکتانە دەکات لە ئاستی زارەکێتییدا دەگوترێن.

گرنگییەکی دی ئەوەیە کە نەک هەر کۆکەرەوەکەی، بەڵکوو ڤەگێڕی سەرجەم نوکتە و دەقە گاڵتەوگەپییەکانی لە دووتوێی «ڕشتەی مرواری»دا هاتوون، نێرینەن. بەو شێوەیە دەتوانین وەک دەرخەری ڕوانگەی پیاوان لەمەڕ ژن پاساوی بدەینەوە.

کۆدکردن

سەرچاوەی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا، سەرچاوەیەکی گاڵتەوگەپی گشتییە نەک تایبەت بە نوکتەی سێکسی و ڕەگەزی. توێژەر بۆ دەستنیشانیکردنی نوکتەکانی سێکسی و ڕەگەزی، سەرەتا بەدوای بابەتگەلێکی بەرفرەواندا دەگەڕا لەناو سەرجەم نوکتە و گێڕانەوە گاڵتەوگەپییەکاندا. بەگشتی ئەو نوکتانەی ژنان بە ئامانج دەگرن یان لەو حالەتانەی کە ژن و سێکس بابەتی نوکتەن. پێنج کاتیگۆری فرەوان و سەرەکی لە زانیارییە بەدەستهێنراوەکانەوە داڕێژران: پلەبەندی، کەمایەتی ژن، شتاندنی ژن، نیگەرانی خێزانی و توندوتیژی.

خشتەی خوارەوە، کاتیگۆرییە سەرەکییەکان و ئەو کاتیگۆرییە لاوەکییانە ڕوون دەکاتەوە کە لەچوارچێوەی کاتیگۆرییە سەرەکییەکاندا ڕێکخراون.

خشتەی ژمارە (١) کاتیگۆریی و تەوەرەکان ڕوون دەکاتەوە

| سەرەکییەکان | لاوەکییەکان | پاتەبوونەوە |
|---|---|---|
| پلەبەندیی | لادەریی | ٣٦ |
| | گەمژەیی | ٤٢ |
| کەمایەتی ژن | کەمتریی | ٣٣ |
| | سووکێنەریی | ٥ |
| نیگەرانی هاوسەرگیری | | ٧٤ |
| توندوتیژی | | ١٦ |
| سەرجەم | | ٣٥٥ |

پلەبەندی

نوکتـــەکان لەســـەر هێڵـــی پلەبەنـــدی ڕەگـــەزی دەڕۆن و بانگەشـــەی جیاوازییەکـــی بنەڕەتـــی لەنێـــوان ژنـــان و پیاوانـــدا دەکـــەن. پیـــاوان گاڵتەوگەپـــی کەمکردنـــەوە لـــەدژی ژن بەکاردێنـــن لەپێنـــاو بەرزنرخاندنـــی خۆیـــان. لـــە ڕێگـــەی دابەزاندنـــی پێگـــەی ئەویـــدی، پێگـــەی خۆیـــان بەرزدەکەنـــەوە. بەگشـــتی مێینـــە لـــەڕووی تایبەتمەندییەکانـــی وەک گەمژەیـــی و لادەرییـــەوە پێناســـە دەکرێـــت، لەکاتێکـــدا پیـــاوان بـــە ژیـــری و پێبەندێتـــی لـــەڕووی کولتـــوورەوە دەناسرێنـــەوە.

١,٤ گەمژەیی

ســـەجادی چەنـــد پەندێکـــی لەبـــارەی ژن لـــە ڕشـــتەکەیدا تۆمـــار کـــردوون. یەکێکیـــان دەڵـــێ «ژن مـــووی درێـــژە و ئەقڵـــی کورتـــە» (ســـەجادی٥، ٢٠٢٠: ٧٤). گەمژەییـــی ژن وەک ســـتێریۆتایپێکی ڕەگـــەزی دەردەکەوێـــت کـــە بـــۆ پیـــاو پێچەوانەکـــەی بەرهـــەم دەهێنێـــت: ژیـــری. ئـــەو دووالیزمـــە پارادۆکســـییە لـــە سروشـــتی ســـتێریۆتایپدایە. یەکێـــک بـــە ناژیرییـــەوە پێناســـە دەکرێـــت بـــۆ ســـەلماندنی ژیـــری یەکێکـــی دی و لـــە هەمـــوو بارێکیشـــدا بونیادنانـــی شوناســـی ئێمـــە لەســـەر حیســـابی کەمکردنـــەوە لـــە ئـــەوان.

پەنـد و ئیدیۆمـە ڕەگەزییـەکان کـە وەک تـەوس و توانـج لەلایـەن پیاوانـەوە دژ بـە ژنـان دەگوترێـن، هەمـان پەیـام و ناوەڕۆکـی نوکتـە سێکسـی و دژەژنەکانیـان هەیـە.

هەریـەک لـەو نوکتانـەی خـوارەوە، بـە جۆرێـک ناژیـری و گەمژەیـی ژن پاتـە دەکەنـەوە.

ئـەوا لـە کەرکـووک دوو ژن نیشـتوونەتە سـەر و بەچکـی یـەک و یەکتریـان کەلـەلا کـردووە. لـەو وەختـەدا ئـەوان بـەو جـۆرە لـە شـەڕدان ژنێکـی لای ئێمـە «ڕۆژبەیانـی» کۆڵـێ کنگـری پـێ ئەبـێ ئەچـێ بـە لایانـەوە ئەڵـێ: خوشـکم کنگر ناکـڕن؟ (سـەجادی٨، ٢٠٢٠: ١١٤).

شـێخ تۆفیـق هەبـوو، ڕۆژێـک ژنێـک بـۆ نوشـتەکردن ئەچێتـە لای، لـە کاتـی قسـەکردنا ژنەکـە پێـی ئەڵـێ: «مامۆسـتا تێگەیشـتی؟» شـێخ هـەر زۆر خـراپ تـووڕە ئەبـێ و پێـی ئەڵـێ: «مـردووت مـرێ! مـن لـە بسـتی شـەرح مەواقیـف و شرح تەجریـد تێگەیشـتووم، ئێسـتە لـە قسـەی دەڵەقۆڕێکـی وەکـوو تـۆ تێناگـەم؟» ژنـەش لـەم ناوانـە و لـەم قسـانە سـەری سـوڕ ئەمێنـێ و وەکـوو گوێـزی بـۆ بژمێـرن، وا ئەبـێ (سـەجادی٢، ٢٠٢٠: ٢٠٩).

منداڵێکـی گژنـی ناشـیرین چـووە سـەر بیرێـک تەماشـای نـاو ئاوەکـەی کـرد «سـەکوت»ەکەی خـۆی بەرچاوکـەوت، زۆر ترسـا، هەڕرایکـردەوە بـۆ لای دایکـی و وتـی: دایە جنۆکەیـەک لـە بیرکەدایـە، وەرە تـا بچیـن پیشـانت دەم. دایکەکـەش لەگەڵـی چـوو سـەیری بیرەکەیـان کـرد، ئینجـا بـوون بـە دوو، دایکەکـەی پێـی وت: ڕۆڵـە ڕاسـت ئەکـەی ئەوەتـە ئـەو دێڵـە سـەگە قەحبەشـی بـە لاوە ڕاوەستاوە!(سـەجادی١، ٢٠٢٠: ١٦٩-١٧٠).

جارێـک لـە گونـدی «شـێنێ» کچێـک گوایـە لەگـەڵ پۆلیسـێک دەسـتی تێکـەڵاو کـردووە و زگـی پـڕ بـووە، لەبـەر ئەمـە کەسـوکارەکەی ئەیانـەوێ بیکـوژن. لێـرەدا دایکـی کچـە ئەڵـێ: «بـا لـێ گەڕێـن تـا منداڵەکـەی دەبـێ ئەگـەر قۆپچـە و ماشـەڵڵای پێـوە بـوو وەکـوو مـام پۆلیـس، ئـەوە لەوییـە ئەنـا لـە ئـی خۆنـە و لێـی کـوڵ دەدەین»(سـەجادی٦، ٢٠٢٠: ١٧٢).

نوکتـەکان بـۆ پیشـاندانی گەمژەییـی ژن داڕێـژراون. ڕەنگدانـەوەی ئایدیۆلۆژیـای پیاوسـالاریین و سەردەکێشـن بـۆ ڕەوایەتـی کۆنترۆڵکـردن و بندەسـتیی ژن لەلایـەن پیـاوەوە. بـە گەمژەپیشـاندانی ژن تەنیـا یەکێـک لـە پاسـاوەکانی پیاوانـە لـە بندەسـتکردنی ژنـدا لەنـاو چەنـدان پاسـاوی دیکـەدا.

٢,٤ لادەریی

نوکتەکانــی ئــەو خانەیــە، وێنەیــەک لــە ژنــان دەخەنــەڕوو کــە پێویســتیان بــە کۆنترۆڵکــردن و چاودێــری هەیــە. ئــەوان ناتوانــن یــان نایانەوێــت پێڕۆیــی لــە نــۆرم و پێــوەرە کۆمەڵایەتییــەکان بکــەن و لەبــەر ئــەوە پێویســتە کۆنــترۆڵ بکرێــن، لەژێــر چاودێــری و سەرپەرشــتیدا بهێڵدرێنــەوە. بەکورتــی نوکتــەکان ژنــان وەک لادەر پیشــان دەدەن، ئــەو یەکێکــە ئەگــەر بەتونــدی کۆنــترۆڵ نەکرێــت، مەترســی جــددی دروســت دەکات.

چەنـد سـەرهاتی گاڵتەوگەپییانـەی تـەواو دژەژن لـە «ڕشـتەی مرواریـی»دا هـەن، کـە تەنیـا پوختـەی دووانیـان دەخەینـە ڕوو. یەکێکیـان سـەرهاتی «پیـران» و «خەجێ»یـە. پیـران سـۆفییەکە و چـل سـاڵ لـە ئەشـکەوتێکدا خەریکـی خواپەرسـتی بـووە. تـا ڕۆژێـک دەنگـی خـوا دەبیسـتێت و پێـی دەڵـێ کـە لـە پـای هەمـوو ئـەو گۆشـەگیری و پەرستشـەدا، سـێ نـزای گیـرا دەکات. پیـران بــە پێداگیریــی خەجــێ، نــزا دەکات ژنەکــەی گەنــج ببێتــەوە. خــودا نزاکــەی وەردەگرێــت و کاتێکیــش ژنەکــە گەنــج دەبێتــەوە، پشــت لــە مێردەکــەی دەکات و بــەدوای کەیـف و سـەفای خـۆی دەکەوێـت. پیـران لـە حەشـمەتان نـزای دووەم لـە خـوا دەکات، کـە خەجـێ بـکات بـە «دێڵەسـەگێکی ڕەشــی چوارچــاو» و خــوداش نزاکــە وەردەگرێــت. ئەمجــار ژنــەی دێڵەســەگ لەبەردەرگــەی پیرانــدا دەســت بــە قوڕەقــوڕ و نوزانــەوە دەکات، تــا پیــران بەزەیــی بــە ژنــەی دێڵەســەگدا دێتــەوە و لــە خــوا دەپاڕێتــەوە کــە ســێیەمین نــزای مــاوە بــۆ ئــەوە بێــت، کــە خەجــێ ببێتــەوە بــە ژنەکــەی جــاران: «تیــری دوعــای گیرابــوو، خەجــێ پێســتی ســەگی لــە کــۆڵ بــۆوە و بــووەوە بــە خەجێکــەی جــاران و چــووەوە ئــەو دۆخــەی کــە لەگــەڵ پیرانــا بــە کزییــەوە دائەنیشــتن، ئەوەنــدە هەبــوو پیــران نوێــژ و ڕۆژووی چــل ســاڵ، هــەر ســێی دوعاکــەی، بــە ترەکــەی خەجێــدا دەرچوو»(ســەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٦٩). دووەمیــان ســەرهاتی هاوشــێوەی شــاکە و شــیرینی ژنیەتــی. شــاکە لەپــای چــل ســاڵ گۆشــەگیری و خواپەرســتی، ســێ نــزای قبوڵکــراوی لــە خــوداوە پێدەبەخشرێــت. بــە پێداگیــری ژنەکــەی نــزای یەکــەم تەرخــان دەکات بــۆ گەنجبوونــەوەی ژنەکــەی. شــیرین دوای گەنجبوونـەوەی لەخۆبایـی دەبێـت و شـاکە و منداڵەکانـی جێدێڵێـت. تـا لـە حەشـمەتا شـاکە نـزا دەکات ژنەکـەی کلکـی لـێ پەیـدا ببێـت. خـودا نزاکـە گیـرا دەکات. ژنـە کـە کلکـی لـێ پەیـدا دەبێـت، بـە ناچـاری دەگەڕێتـەوە بـۆ لای شـاکە و منداڵەکانــی و «بــە دەورەی ماڵەکــەدا چەنــد شــەو و ڕۆژ ئەســووڕێتەوە و لــە نــاو خــۆڵ و قــوڕا خــۆی ئەگەوزێنــێ و ئەگـری، شـاکەش هـەر گوێـی ناداتـێ. لـە ئاخـرا لـە بـەر ئـەوە دایکـی منداڵەکانیەتـی! بـەم جـۆرە شـاکە نوێـژ و ڕۆژووی چـل سـاڵی لەسـەر خاتـوو شـیرین دۆڕانـد و لـە ئاخـرا دەس لـە گوونـان بـەرەو ژێـر بـۆی دەرچـوو» (سـەجادی١، ٢٠٢٠: ١٩٠).

سـەرهاتەکان لەناوەڕۆکـدا یەکـن. پەیامەکەیـان ئەوەیـە ژن جێـی متمانـە نییـە. داخوازییەکانـی مەترسـیدار و خۆپەرسـتانەن. ئەگـەر بـۆی بلوێـت زیانـی گـەورە دەگەیەنێـت. لەبـەر ئـەوە دەبێـت پیـاو بەتونـدی چاودێریـی ژن بـکات و کۆنترۆڵـی بـکات. بەپێچەوانـەوە هەڕەشـەیە بـۆ سـەر تەنانـەت نزیکترەکانـی. ئـەو مەترسـیداربوونەی ژن لـە ئیدیۆمێکـی دیکـەدا پاتەکراوەتـەوە: «یەکـێ ژنێکـی هەبـوو دوژمنێکـی هەیـە» (سـەجادی٥، ٢٠٢٠: ٧٤). کەواتـە ژن دوژمنـە و دەبێـت هەمیشـە لەژێـر چاودێریـدا بیهێڵدرێتــەوە. ئــەو یەکێکــە دەتوانێــت زۆر ترســناک بێــت. سـەرنج بـدە کـە لـە سـەرهاتێکی دیکـەدا، «قـازی» بـە ژنێـک دەڵــێ: «هەرکــەس لــە ئێــوە نەترســێ، لــە خــواش ناترســێ» (سـەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٥٩).

بــە نزیکــەی تێکــڕای ئــەو نوکتانــەی ژن وەک لادەر پیشــان دەدەن، ناوەڕۆکــی سێکســییان هەیــە. ژنــان ناتوانــن لەچوارچێـوەی هاوسـەرگیری و سـتانداردەکانی گـرووپ کـرداری سێکسـی ئەنجـام بـدەن و هەمیشـە خواسـتی لادانیـان هەیـە. گرێدانـی لادەریـی ژن بـە سێکسـەوە، لـە سـەیرکردنی ژن وەک ئۆبژەیەکــی سێکســی ســەرچاوە دەگرێــت.

ژنێـک دوو دۆسـتی هەبـوو، یەکێکیـان نـاوی جەبـار بـوو یەکێکیـان عەبـاس. شـەوێک ڕێکـەوت هەردووکیـان چـوون بـۆ لای ژنـە. کتووپـڕ لـەو وەختـەدا مێردەکـەی هاتـەوە. ژنـە لـە تاوانـا شـاردنیەوە. لەپاشـا لەگـەڵ مێردەکەیـا دەسـتی کـرد بـە وردە گلەیــی و وتــی: ئــەوەم بــۆ بکــڕە و ئــەوەم بــۆ بێنــە.... هــەر شــتێکی ئــەوت کابــرا ئەیــوت: جەبــار بیــدا! جەبــار لــەولاوە لەنــاو ئاخوڕەکــەدا ســەری ڕاســت کــردەوە و وتــی: گشـتی ئەخـەی بەسـەر منـا؟ ئـەی عەباسـی مـل قـەوی بـۆچ

شـتێک نەسـێنێت؟! (سـەجادی٢، ٢٠٢٠: ٤٩-٥٠).

دوو ژن بـووە بـە شـەڕیان، یەکێکیـان بـە ئـەوی کەیانـی وت: بچـۆ بـەو لاوە هـەی وا وا لـێ کـراوی حەمەسـەن گاوە، ئـەوە چـۆن لـە ڕووت هەڵـدێ قسـە ئەکـەی؟ ئەویـش وتـی هـەی کۆنـە قـەرەج حەمەسـەن منـی گاوە یـا تـۆ؟ کتوپـڕ لـەو وەختـەدا حەمەسـەن بەوێـدا تێپـەڕی، ژنەکـە ڕووی تـێ کـرد و وتـی توخـوا خاڵـە حەمەسـەن ئـەم کۆنـە لۆتییـە دەسـتە چەورەکـەی خـۆی بەسـەر منـا ئەسـوێ، ئەڵـێ تـۆ منـت گاوە؟ تـۆ کـەی منـت گاوە؟ خاڵـە حەمەسـەنیش وتـی: کامجاریـان ئەڵێیـت؟ (سـەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٩٥-١٩٦).

کابرایەکـی «کرنـد»ی بەیانـی لـە مـاڵ دەرچـوو، پـاش نیـوەڕۆ گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە. سـەیری کـرد وا کـوڕە گەنجێکـی جـوان لـە مـاڵ دەرچـوو و لـە نـاو ڕاڕەوەکـە تووشـی یـەک بـوون. کابـرا زانـی چ باسـە، ڕووی کـردە کوڕەکـە وتـی خـوا بیبـڕێ ئـەم ژیانـەی تـۆ هەتـە، هـەر ڕۆژێـک سـەر بـە ماڵێـکا ئەکـەی. بچـۆ بـۆ خـۆت ژنێـک بێنـە وەکـوو ئێمـە هێناومانـە، بـا چـوار کەسـیش لـە تـۆوە خێرێکیـان دەسـتکەوێ (سـەجادی٨، ٢٠٢٠: ٧٩).

هەمـوو ئـەو نوکتانـە جارێکـی دی پێویسـتی کۆنترۆڵکردنـی ژن بەبیردێننـەوە. پەیامـی نوکتـەکان دەربڕینـی مەترسـییەکە لەمـەڕ سروشـتی لادەر و خراپەکارانـەی ژن و پێویسـتی کۆنترۆڵکردنـی. لادەریـی، مانـای ئەوەیـە کـە ژن پێویسـتە لەژێـر چاودێـری، کۆنـترۆڵ و سەرپەرشـتیدا بێـت. نوکتـەکان بـەو جـۆرە، کار دەکـەن بـۆ بەردەوامیـدان بـە سەردەسـتیی پیـاو و بندەسـتیی ژن.

کەمایەتی ژن

١،٥ کەمتریی

نوکتـەکان بـە شـێوەیەکی ئاسـایی ژن بـە پلەیـەک لـە خـوار پیـاو پیشـاندەدەن. ڕەنگدانـەوەی ئایدیۆلۆژیـای زاڵـی پیاوسـالارییە. پیشـاندانی کەمتریـی ژن لـە بەرانبـەر پیـاو، وەک لـە نوکتەکانـی خـوارەوەدا دەردەکەوێـت، شـێوەی زۆری هەیـە. مێینەبـوون خـۆی شـێوە هـەر سـادەکەیەتی. وەک نیگەرانـی دایکێـک لـە لەدایکبوونـی کچێـک.

ژنێکـی سـکپڕ زۆر لـە خـوا ئەپاڕایـەوە کـە ئـەم سـکەی کـوڕ بـێ، کەچـی بـە ڕێکـەوت کچـی بـوو. وتـی: خوایـە چـی ئەبـوو ئەگـەر شـتێکت لـە لای پێـی ئـەم منداڵـەوە دابنایـە؟ ژنێکـی تـر لـەوێ بـوو وتـی: هیـچ خەمـت نەبـێ لـە پـاش پانـزە، شـانزە سـاڵی تـر ئەوەنـدە شـت لـەلای پێیـەوە ئەبینـی کـە نەتوانـی بیژمێری!(سـەجادی٤، ٢٠٢٠: ١٩٠).

بەگەمیـران هەبـوو ڕۆژێـک لـە هەولێـر لەگـەڵ «معلم»ێکـدا ئەبـێ بـە شـەڕیان و شـەڕەکە زل ئەبـێ. پاشـان بـە موعەلمەکـە ئەڵـێ سـەگباب! تـۆ کـوو لەگـەڵ مـن شـەڕ ئەکـەی؟ مـن ژنەکـەم موعەلمـە هەمـوو شـەوێ جارێـک سـواری ئەبـم (سـەجادی٨، ٢٠٢٠: ١١٣).

لـە کرماشـان ژنێکـی خراپـکار لـە گەڕەکێـک دانیشـتبوو، لـە دراوسـێی، هەتیوێکیـش هەبـوو بـازاری ژنەکـەی کـز کربـوو. ڕۆژێـک ژنەکـە ئەچـی پێـی ئەڵـێ: «ئـەی قـەرە ئـەو کارە مەکـە، لـەو دنیـا ڕای جـواو وە زەحمـەت کەفـی». کوڕەش ئەڵـێ: «خانـم، تـو خەمـت ڕای خـوت بـوو، تـو تـوای جـواو دوو سـوراخ دەی، مـن هـەر یـەی سووراخە»(سـەجادی٦، ٢٠٢٠: ٨٧).

نیگەرانـی ئـەو دایکـەی کچێکـی بـووە، لەبـەر ئەوەیـە کـە لـە کۆمەڵگایەکـی نێرسـالاردا، هـەردەم نێرینـە پەسـند دەکرێـت و بەرزدەنرخێنرێـت، بەڵکوو ئـەو دایکەیـش کـوڕی دەبێـت پێگـەی بەرزتـری پـێ دەدرێـت بـەراورد بـەو دایکـەی منداڵـی کچـی بـووە. نـزای پـتر ژنانـەی «بەدایکـی کـوڕان بیـت» دەربـڕی هەمـان ئایدیۆلۆژیـای پیاوسـالارییە. لـەو دۆخـەدا، جەسـتەی ژنەکـە کارگەیەکـی منداڵبوونـە و ئامانجـە سـەرەکییەکەی لەخۆگرتنـی کـوڕە.

نوکتـەی بەگەمیـران دوو ڕەهەنـدی گرنگـی هەیـە. یەکەمیـان ژن سـووکە و ئەگـەر خەسـڵەتێکی ژنانـە بخرێتـە پـاڵ پیاوێکـەوە، پیاوەکـەش سـووک دەکات. ژنەکـەی بەگەمیـران مامۆسـتایە، هەرچەنـد مامۆسـتایەتی خەسـڵەتێکی ڕەگـەزی نییـە، بـەڵام چونکـە ژنێـک مامۆسـتایە، کەواتـە مامۆسـتایەتی لەڕوانگـەی بەگەمیرانـەوە-وەک نوێنـەری ئایدیۆلۆژیـای پیاوسـالاری- سـووکییە. دووەمیـان خـۆی لـە کرداری سێکسـیدا دەبینێتـەوە. لـە ئایدیۆلۆژیـای پیاوسـالاردا، ژن و پیـاو هاوبەشـی سێکسـیین، بـەڵام هەریـەک پێگەیەکیـان هەیـە. لـە دەربڕینـی بەگەمیرانـدا دەردەکەوێـت، پیـاو بـە سـێکس لەگـەڵ ژن پێگـە

و هەژمـوون پەیـدا دەکات. بـە پێچەوانـەوە ژنەکـە لـە پێگـەی دادەبەزێـت. ئـەو تێگەیشـتنە لـە نوکتـەی سـێیەمدا باشـتر ڕوون دەبێتـەوە. کاتێـک نێرینەیەکـی «قینگـدەر» هێشـتا خـۆی بـە سـەرتر لـە ژنێکـی لەشـفرۆش دەبینێـت، چونکـە بـە لۆژیکـی نێرینەکـە، ئـەو هـەر لـە «پاشـبازی» تێـوەگلاوە، بـەڵام ژنەکـە لـە پـاش و پێـش.

لـە هـەردوو بـاردا، پیاوسـالاری تەنیـا لایەنێکـی کرداریـی سێکسـی بـە دابەزاندنـی پێگـە دادەنێـت. دوو هاوبەشـە سێکسـییەکە لـە دەربڕینـی بـاوی کوردیـدا بـە «بکـەر و بـدەر» دەناسرێـن. بکەرەکـە لەگـەڵ نێرەکـە و بدەرەکـە وەک خەسـڵەتی مێیەکـە دادەنرێـت. لەبـەر ئـەوە پیـاو لـە کـرداری سێکسـی هەتـا لـە دۆخـی نێربازییـدا، تەنیـا کاتێـک سـووک دەبێـت ئەگـەر لـە پێگـەی بدەرەکـە بێـت، چونکـە خەسـڵەتێکی مێینەیـی لەخـۆی بارکـردووە.

٢,٥ سووکێنەریی

لەبـەر ئـەوەی لـە تێگەیشـتنی کۆییـدا، ژن لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە لـە خـوار پیـاو دادەنرێـت، دەبێـت لـە بندەسـت و لەژێـر هەژموونـی پیـاو بێـت. نوکتـەکان پێویسـتی هەژموونـی پیـاو بەسـەر ژنـەوە پاتـە دەکەنـەوە. سـووکایەتی بـەو پیاوانـە دەکـەن دەسـتبەرداری هێـزی کۆمەڵایەتییـان بـوون و هەژموونـی خۆیـان بەسـەر ژنەکانیـان لەدەسـت داوە و بەپێچەوانـەوە خۆیـان کەوتوونەتـە ژێـر هەژموونـی ژنـەوە.

کابرایـەک بـوو بـە میوانـی کابرایەکـی کـورد، کابـرای خانەخـۆی لەگـەڵ ژنەکـەی بـوو بـە شـەڕیان. لـە گـوێ ئاگـردان بـوو، بـە سـەرە بـزۆت دانرابـوو. ژنەکـە هـەر کـردی بـە سـەرە بزوتێـکا و لـە بەرچـاوی میوانەکـەوە دای بـە سـەری مێردەکەیـا و سـەری شـکاند و خوێـن چۆڕاوگـەی کـرد. کابـرای میـوان بـۆ ئـەوەی خانەخوێکـە زۆر تەریـق نەبێتـەوە، وتـی: «بـرا وەڵـڵا ژنـی ئێـوە باشـە بـە سـەرە بـزۆت لـە کۆڵتـان ئەبنـەوە، ژنـی ئێمـە بـە تـەور و تـەوراس تێـمان بەرئەبـن». کابـرای خانەخـوێ لـەو وەختـەدا دەسـتی بـرد بـە لایەکـی پەنجـەی خوێنەکـەی لـە ناوچاوانـی سـڕیەوە و وتـی: «ژنـی ئێمـە حەدیـان چییـە وا لەگـەڵ ئێمـە بکـەن» (سـەجادی٣، ٢٠٢٠: ١٧٥).

لـەو سـەرە لـە بـن دەوارێـکا هەندێـک دانیشـتبوون، هەمـوو قسـەیەکیان ئەکـرد، سـەرە هاتـە سـەر باسـی ژن، هـەر کـەس لـە ئاسـتی خـۆی موچڕکێکـی پیـا هـات، بـەڵام کەسـیان نەیانخسـتە خۆیـان. یەکـێ لـە دانیشـتووەکان وتـی: بـرا ئەمـەی پـێ نـاوێ، ئێمـە ئەگـەر ڕاسـت ئەکەیـن بـا هـەر کەسـە ئەگـەر لـە ژنەکـەی ناترسـێ قیـت ڕاسـت ببێتـەوە. هەمـوو بـە جـارێ هەسـتان تەنهـا یەکێـک نەبـێ. لێیـان پرسـی وا دیـارە تـۆ هیـچ ناترسـیت لـە ژنەکـەت؟ وتـی: «نەوەڵـڵا حـەدی چییـە لێـی بترسـم، بـەڵام ئیمـڕۆ دارێکـی ماڵیـوە بـە قاچـما کوڵـەواری کـردووە، لەبـەر ئـەوە ناتوانـم هەسـتم، ئەگینـا وە نەبـێ لـەو نەترسم»(سـەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٥١-١٥٢).

کابرایەکـی کـورد ژنێکـی هەبـوو، هەمـوو جـار بـە دارێکـەوە بـەر ئەبـووە سـەروگوێلاکی و دایئەپڵۆسـی و کابـراش هیـچ دەرەتانێکـی نەبـوو. فیکـری کـردەوە بچێتـە لای مـەلا شـکات لـەم ژنـە بـکا. مەلایـەک لـە گوندەکەیانـا بـوو، چـوو بـۆ لای، کـە گەیشـتە بـەر قاپـی ماڵـی مـەلا، سـەیری کـرد لـە ژوورەوە زرموکوتـە و مـەلا هاتـە دەرەوە و دەسـتی گرتـووە بـە سـەرییەوە، کـە چـاک تەماشـای کـرد، تومـەز مـەلاژن بـە قاپقاپێکـەوە هاتووەتـە وێـزەی مـەلا و سـەروبەچکی شـکاندووە! کابـرا کـە ئەمـەی دی، لـووس و باریـک بـە شـوێنەکەی خۆیـا گەڕایـەوە. لـەو کاتـەدا مـەلا چـاوی پـێ کـەوت، بانگـی کـرد: وەرە بـرام بزانـم ئیشـت چییـە؟ ئەویـش وتـی: «قوربـان! دوعـای سـەری تـۆ، هیـچ ئیشـم نەبـوو». وتـی: نـا، بـێ ئیـش نیـت کـە هاتوویـت. وتـی: وەڵـڵا ئـەوی ڕاسـتی بـێ، حاڵـم شـڕ بـوو بـە دەسـت ژنەکەمـەوە، هەمـوو جـار بـە داردەسـتەکێ تێروپـڕم لـێ ئـەدا. وتـم بـا بچـم لای مـەلا شـکاتی لـێ بکـەم، سـەیرم کـرد ماموٚسـتا ئەمـە حاڵییەتـی! وتـم کەواتـە بـا بگەڕێمـەوە. مـەلا وتـی: «بچـۆ پێـی بڵـێ بـەو کاولییـە حەقـی نییـە بـە داردەسـتەک لێـت بـدا، شـەرع ئەفەرمـووێ هـەر هەقـی قاپقاپییـان هەیـە و هیچـی تـر!» کابـرا وتـی: «کەواتـە دەک موبـارەک نەبێ!»(سـەجادی٢، ٢٠٢٠: ١٩٧).

نوکتـە ڕەگەزییـەکان وێنـەی پیاوانـی بندەسـتیی ژن پیشـان دەدەن لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە لـە ڕاسـتیدا ژنـان بندەسـت و پیـاوان سەردەسـتن. ئـەو نوکتانـە وەک سـزایەکی

کۆمەڵایەتــی ســووکایەتی بــەو پیاوانــە دەکــەن هەژموونیــان بەســەر ژنــەوە لەدەســتداوە. «ئۆمەریــی» ئیدیۆمێکــی کوردییــە بــۆ گوزارشــتکردن لــە پیاوانــی بندەســتیی ژن، هــەر خــودی ئیدیۆمەکــە وەک ســووکایەتی دەگوترێــت.

ئــەو نوکتانــە ئەرکــی کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتییــان هەیــە. لەڕێگــەی ســووککردن و ڕابــواردن بــەو پیاوانــەی لــە پێــوەر و ســتانداردەکانی گرووپ/کۆمەڵگاکەیــان لایانــداوە. هەرچەنــد لــە ڕواڵەتــدا وا دەردەکەوێــت لــە بەرژەوەنــدی ژنــان بــن، بــەڵام ئامانجەکەیــان پێچەوانەیــە و لەپێنــاو درێژەپێدانــی هەژموونــی پیــاوە بەســەر ژنــەوە. لەکاتێکــدا نوکتــەکان پیــاوان هــان دەدەن بــۆ ئــەوەی تووشــی گاڵتەپێکــردن و ســووکایەتی نەبــن، پێویســتە بەرگــری لــە هەژموونیــان بەســەر ژنــەوە بکــەن؛ سەردەســتی خۆیــان و بندەســتیی ژن بســەپێنن.

شتاندنی ژن

شتاندن(بەشــتکردن)ی ژن پرۆســەی دابەزاندنــی پێگــەی ژنــە لــە مرۆڤــەوە بــۆ شــتێک. واتــە لــە مرۆخســتن. ماریــا نوســبام، حــەوت تایبەتمەنــدی بــۆ شــتاندن دەستنیشــانکردووە: ١. بــە ئامرازکــردن یــان بــە کەرســتەکردن (Instrumentality) ی کەســێکە لەپێنــاو یەکێکــی دی. ٢. پێشــێلکردنی سەربەســتی. ٣. تەپلۆســی. ٤. شــیاوبوون بــۆ گۆڕینــەوە. ٥. شــیاوی پارچەکــردن(violability). ٦. خاوەندارێتــی و ٧. نکوڵیکــردن لــە خودێتیــی (Nussbaum, 1995: 257).

نوکتــە سێکســییەکان ژن وەک شــت دەخەنــەڕوو. ئــەو بەشــتکراوە، دەتوانێــت چەنــد خزمەتگوزارییــەک پێشــکەش بــە پیــاو بــکات: ســێکس، وەچەنانــەوە و ماڵــداری، ســێکوچکەی ئــەو خزمەتگوزارییانــە پێــک دێنــن کــە ژن دەتوانێــت پێشــکەش بــە ئەویــدی بــکات و بەپێــی ئــەو خزمەتگوزارییانــەش پێناســە دەکرێــت.

تــازە جلشــۆر (غەســالە) کەوتبــووە ســولەیمانییەوە، نامیقــی میــرزا تۆفیــق، لــەوێ ئــەو جــۆرە شــتانەی ئەفرۆشــت. ڕۆژێــک کابرایەکــی خەڵکــی ئــەو شــارەزووری کۆنــە، هاتــە بــەر دووکانەکــە و ســەیرێکی نــاو دووکانەکــەی کــرد و چــوو بــەلای جلشــۆرەوە. نامیقیــش هــات بەســەر و گوێلاکــی جلشــۆرەکەدا کــە وا جــل ئەشــوا و وا پاکــی ئەکاتــەوە و وا بــێ ئەرکــە. کابــرا وتــی بــرا ئەمــە بایــی چەنــدە؟ نامیــق وتــی: بایــی شەســت دینــارە. کابــرا نەختێکــی تــر چــاوی بــە جلشــۆرەکەدا گێــڕا و ســەیرێکی ئەمــلا و ئــەولای کــرد، دەســتێکی دا لــە دەســکەکەی، گوتــی: بــرا ئەگــەر قســەیەک بێــژم خــۆ لێــم ناگــری؟ نامیــق وتــی: بــرا بــۆچ لێــت ئەگــرم، چــی ئەڵێــی بڵــێ، ئەمــە مەعمەلەیــە. وتــی: «بــرا ئەمــەی کــە تــۆ ئێــژی، شــەرع شــەرمی بــۆ نییــە گان ئــەدا؟!» نامیــق هــەروا چــووە تاســەوە! وتــی: بــرا ئــەوە تــۆ ئەڵێــی چــی؟! ئەمــە ئاســنە، گانــی چــی و شــتی چــی! کابــرا وتــی: «دە بــرا بــڕۆ بــەردی تــۆی لــێ نــەواریێ، مــن کــە شەســت دینــار بــدەم، ئەیــدەم وە ژنێــک، هــەم جلــم بــۆ ئەشــوا و هــەم گانیشــم ئەداتــێ! (ســەجادی٧، ٢٠٢٠: ٣٥).

نوکتەکــە دوو شــت/ئامێر بــەراورد دەکات کــە ژن و جلشــۆرن. ژنەکــە دەتوانێــت خزمەتگوزارییەکــی دی- خزمەتگــوزاری سێکســی- پێشــکەش بــە پیاوەکــە بــکات کــە جلشــۆرەکە ناتوانێــت بیــکات. لەبــەر ئــەوە پیاوەکــە لەبەرژەوەنــدی خــۆی دەبینێــت ژنێــک دەســتبخات کــە جگەلــە خزمەتگوزاری سێکســی، جلیشــی بــۆ دەشــوات. ئــەو پێکگرتنــەی ژن و ئامێرەکــە، پێناســەکردنی ژنــە لــە ڕوانگــەی ئامێــرەوە کــە خــودی شــتاندنی ژنــە.

کابرایــەک هەبــوو، کوڕێــک و ئاشــێکی هەبــوو، بــە کوڕەکــەی وت ڕۆڵــە ئەگــەر ئەزانــی شــتی ترمــان زۆرە، ئاشــەکە بفرۆشــە و ژنێکــی پــێ بێنــە بــۆ خــۆت. کــوڕەش چــوو ئاشــەکەی فرۆشــت و بــە پارەکــەی ژنێکــی هێنــا، لــە پــاش ماوەیــەک لات کەوتــن هیچیــان نەمــا. وتــی تەماشــا کــە ئــەوی ئــارد ئــەڕی فرۆشــم بــۆ ئــەوەی گــوو ئەڕێــت (ســەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٧٢).

پێکگرتنێکــی ڕوون لــە نێــوان ژن و ئاشــەکەدا هەیــە. نوکتەکــە لەڕوانگــەی «بەرهەمێنانــی کاڵا»وە پێناســەی ژن دەکات. ئــەو ڕوانگەیــە ژن وەک کارگەیــەک دەستنیشــان دەکات کــە پیــاو دەتوانێــت بەرهەمــی لــێ هەڵبگرێتــەوە. ســەیرکردنی ژن وەک شــت، وا دەکات لــەڕووی کەڵکــی مــاددی و کاڵاییــەوە بڕیــاری لەســەربدرێت. ســەرنج بــدە کــە نوکتــەکان بــەردەوام لەڕوانگــەی ئەویدیکــەوە بڕیــار لەســەر ژن دەدەن. لــەو دۆخــەدا ژن بوونەوەرێکــی بڕیارلەســەردراوە و پێشــێلی سەربەســتییەکەی کــراوە.

ســەرهاتی «مــەلا مەحمــوودی بــارێ» و شــێخی «نۆڕەبــاب»

کـە لـە تەمەنێکـی گـەورەدا کەڵکەڵـەی ژنهێنانـی کەوتبـووە سـەر، پیشـانی دەدات کـە چـۆن ژن بەگوێـرەی تەمـەن و «لەبـاری جەسـتەیی» بەهـای بـۆ دادەنرێـت. مەلاکـە ئەوهـا پێناسـەی ژن دەکات: «ژن لـە عومـری دەوە تـا بیسـت حـەزی نەفسـە، لـە بیسـت تـا سـی بـۆ دڵـداری و یـاری و دیـاری، لـە سـی تـا چـل دایـک منـداڵ، لـە چـل تـا پەنجـا سـەرە و کاری مـاڵ، لـە پەنجـا بـە دواوە خوایشـی لـێ ڕەنجا!»(سـەجادی١، ٢٠٢٠: ١٢٠-١٢١).

دەقەکـە پۆلێنکاریـی لەسـەر بنەمـای تەمەنـی ژن دەکات: لـە دە ساڵەوە بـۆ سـی سـاڵ بـۆ خزمەتگـوزاری سێکسـی؛ لـە سـی سـاڵەوە بـۆ چـل سـاڵ بـۆ وەچەنانـەوە و بەخێوکردنـی منـداڵ؛ لـە چـل سـاڵییەوە بـۆ پەنجـا سـاڵ دەبێـت بـە «سەرە-سـەرەژن» و بـۆ خزمەتگـوزاری ماڵـداری، سـەرەژن بەخـۆی بەمانـای «ژنـی ماڵـداری کارامـە» دێـت؛ ژن لـە پەنجـا سـاڵییەوە دەبێـت بـەو «نەفرەتلێکـراو»ەی کـە نـەک هـەر پیـاو، بەڵکـوو خوایـش لێـی دەڕەنجێـت.

نوکتەکـە خودێتیـی ژن پێشـێل دەکات و وەک هـەر شـتێک لـە ڕوانگـەی «بەکارهێنـان»ی لەلایـەن پیـاوەوە پێناسـەی دەکات. ئـەو شـتاندنەی ژن، بەپێـی گێڕانەوەیەکـی دی لەلایـەن خـودی ژنـەوە ناوەکـی کراوەتـەوە. گوایـە «خاخـازێ» ئافرەتێکـی قسـەزان بـووە، لەبـارەی کچ/ژنـەوە دەڵـێ: «کچـی دە سـاڵان بیلبیلـەی چـاوان، کچـی پانـزە سـاڵ دەسـکە گوڵێکـی ئـاڵ، کچـی کناچـەی بیسـت سـاڵ تـەواو گۆشـت و دوگێکـی بـۆ خـاوەن حەسـاو، کچـی سـی سـاڵان دایکـی منـداڵان، کچـی چـل سـاڵان پیرێژنـی مـاڵان، کچـی پەنجـا ساڵ کوشـتنیە حـەڵال، کچـی شەسـت سـاڵی لەعنەتـی لـێ بـێ لـە خـۆی و ماڵـی» (سـەجادی١، ٢٠٢٠: ٧١).

کاتێـک ژن وەک وەک شـت/ئامێر پێناسـە دەکرێـت، ئاسایی وەک هـەر ئامێرێـک لەکاریـش دەکەوێـت یـان لـە ڕەوتـی بەکارهێنانـدا تووشـی لەکارکەوتـن دەبێـت. ژنەکـە بەپێـی قۆناغەکانـی تەمەنـی کـە وەک قۆناغەکانـی کارکردنیەتـی، بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەک بـە شـیاو دەزانرێـت: تـا بیسـتەکانی تەمەنـی بـۆ سـێکس؛ لـە سـی سـاڵیدا بـۆ وەچەنانـەوە و منـداڵ؛ لـە چـل سـاڵییەوە وردە وردە بەهـای خـۆی لـە دەسـت دەدات؛ لـە پەنجـا سـاڵیدا ئەوەنـدە بێکەڵـک دەبێـت کـە تەنانـەت «کوشـتن»ی ئاسـایی دەبێتـەوە و لـە شەسـت ساڵیشـدا دەبێـت بـە «نەفرەتلێکـراو».

١,٦ شتاندنی سێکسی sexual objectification

توێـژەران ئەوەیـان دەستنیشـانکردووە کـە شـتاندن لـە فۆڕمێکـی سێکسـیدا چەنـد لایەنێـک لەخۆدەگرێـت ١. کەسـێک بـە پلـەی یەکـەم بەپێـی سەرنجراکێشییە سێکسـییەکەی بەهـای پـێ دەدرێـت نـەک خەسـڵەتەکانی دی؛ ٢. بڕیـاردان لەسـەر سەرنجراکێشـی سێکسـی لەسـەر بنەمـای ڕوواڵەتـی جەسـتەیی؛ ٣. مـرۆڤ وەک شـت/ئۆبژەیەکی سێکسـی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت بـۆ بەکارهێنـان و چێژلێوەرگرتنـی لەلایـەن کەسێکی دی و ٤. سێکسـوالێتی بەشـێوەیەکی نەشـیاو دەسـەپێنرێت وەک لـە دۆخێکـی ناسێکسـی (بەنموونـە: لـە شـوێنی کار) یـان سـەپاندنی بەسـەر منداڵانـی بچووکـدا (Zurbriggen, 2013: 191).

لـە شـیکردنەوەی نوکتەکانـدا دەردەکەوێـت، سـێکس وەک دەستبەسـەرداگرتنی جەسـتە و پەیداکردنـی هەژموونـی پیـاو بەسـەر ژنـەوە لێکدەدرێتـەوە. سـێکس کردارێکـی هاوسـەنگ و ئاسـایی نییـە، بەڵکـوو سەردەسـتیی پیـاو و بندەسـتیی ژن، بگـرە خاوەندارێتـی پیـاو بەسـەر ژنـەوە.

مەحمـوودی نـادری شـاتری هەبـوو، منداڵـی نەئەبـوو، لـە دەمەدەمـی پیرییـدا ژنێکـی تـری هێنابـوو، دوو کـوڕی بـوو، لێیـان پرسـی: خاڵـە مەحمـوو منداڵـت هەیـە؟ وتـی: «بەڵـێ دوو کـوڕم هەیـە، بـەڵام داخـی گرانـم دایکیـان ئەگێـن، لەوانـە نیـن دایکـی منداڵـی خەڵکـی بگێـن!» مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە پیـرە و ئەمـرێ و دایکیـان مێـرد ئەکاتـەوە (سـەجادی١، ٢٠٢٠: ٣٦).

نوکتەکـە هـەر تەنیـا ژن بـە سێکسـەوە گـرێ نـادات، بەڵکـوو خاوەندارێتـی پیـاو بەسـەر ژنـەوە. پیاوەکـە خـۆی بـە خاوەنـی ژنەکـە دەزانێـت و تەنانـەت نیگەرانـە لـەوەی کـە دوای مردنـی خۆیشـی-مردنی پیاوەکـە-، دەشـێت ژنەکـە هاوسـەرگیری بکاتـەوە و لـە چوارچێـوەی هاوسـەرگیریدا سـێکس لەگـەڵ یەکێکـی دی بـکات.

شـتاندنی سێکسـی بەرفرەوانتریـن بـوار و بابەتـی نوکتـە سێکسـییەکانە. ئـەو نوکتانـە ژنـان وەک شـتێک-زیاتر وەک ئامێرێکـی سێکسـی- دەخەنـەڕوو لـە پێنـاو پڕکردنـەوە و

دابینکردنــی چێــژی ئەویدیــی. ژنــان تــا ئــەو شــوێنە بەهایــان هەیــە کــە دەتوانــن خزمەتگــوزاری سێکســی پێشــکەش بکــەن.

ژن و مێردێکــی کــوردەواری، گەنجییــان پێکــەوە ڕابــوارد و زەمانێکــی دوور و درێژیــان بەســەربرد، هیــچ ناخۆشــییەک نەکەوتــە بەینیانــەوە، لــە دەوروبــەری پیرییــدا کابــرا بــوو بــە ئاگــر و چــووە گیانــی ژنــەوە! ژنــە نەیئەوێــرا لێــو هەڵبێنێتــەوە کابــرا دەســتی ئەکــرد بــە قســە وتــن پێــی. ڕۆژێــک ژنەکــە وتــی: ئــەرێ پیاوەکــە! مــن نازانــم تــۆ بــۆچ وات لــێ هاتــووە؟ جــاران مــن ئەمــوت ســندان تــۆ ئەتــوت لــە دەورت گەڕێــم. مــن ئەمــوت قوزەڵقــورت تــۆ ئەتــوت بــە ســاقەی زمانــت بــم! کەچــی ئێســتا پێــت ئەڵێــم بەقوربــان، تــۆ ئەڵێــی ســەگباب! ئەمــە بــۆچ وات لــێ هاتــووە؟ پیــاوەش وتــی: ژنەکــە واز بێنــە لــە ســەری مــەڕۆ، ئــەوی بەینــی مــن و تــۆی خــۆش ئەکــرد نەمــا و بەسەرچوو!(ســەجادی١، ٢٠٠٢: ٤٧-٤٨).

نوکتەکــە ژن لــە سێکس کــەم دەکاتــەوە و هەمــوو بەهــای ژن بــە پێشکەشــکردنی خزمەتگــوزاری سێکســی دەبەســتێتەوە. ئــەو مەرجــەی کــە لــە شــتاندنی سێکســییدا ژن وەک ئۆبژەیــەک مامەڵــەی لەگــەڵ دەکرێــت و بەپێــی بەکارهێنانــی لەلایــەن یەکێکــی دی بەهــای بــۆ دادەنرێــت (Szyman-ski, et., al., 2011: 8)، بەڕوونــی لــە ناوەڕۆکــی نوکتەکــەدا بەرجەســتە دەبێتــەوە. پیاوێــک بانگەشــەی ئــەوە دەکات چیــتر بەهایــەک بــۆ ژنەکــەی دانانێــت، چونکــە پێوەندیــی سێکســی لەنێــوان ئــەو و ژنەکــەدا کۆتایــی هاتــووە. لەکاتێکــدا ژن وەک شــت لەناوخۆیــدا بەهــای نییــە، بەڵکــوو بەهاکــەی بەپێــی «بەکارهێنــان»ی لەلایــەن ئەویدیکــەوە دەدرێــت.

شــتاندنی سێکســی دەتوانێــت هەمــوو ژن لــە ئەندامێکــی جەســتەدا کــورت بکاتــەوە:

کوڕێکــی هــەرزەکاری تامــەزرۆ، ژن دێنــێ، چەنــد شــەوێکی پــێ ئەچــێ، ڕوو ئەکاتــە ژنەکــەی و ئەڵــێ: تــۆ ئەزانــی لەبەرچــی باوکــم ئەوەنــدە دایکمــی خــۆش ئــەوێ؟ ئەڵــێ: نــە. ئەمجــا دەســت ئەخاتــە ســەر وانێکــی ژنەکــەی و ئەڵــێ: «لەبــەر ئــەوەی ئــەم شــتە خۆشــەی پێوەیە!»(ســەجادی٣، ٢٠٠٢: ٥٩).

نوکتەکــە بەڕاشــکاویی ژن لەڕێگــەی ئەندامێکــی جەســتەیەوە پێناســە دەکات کــە زێــی ژنەکەیــە. ئــەوە توانــای شــتاندنی سێکســی پیشــان دەدات لــە کەرتکــردن و پارچــە پارچەکردنــی ژن: زێ، مەمــک، ســمت و بــەو جــۆرەش نکوڵیکــردن لــە یەکپارچەیــی ژن.

حاجــی مــەلا یووســفی سووورداشــی وەختــێ قــازی بــوو، ڕۆژێــک ئافرەتێــک ئەچێتــە لای شــکات لــە مێردەکــەی ئــەکا ئەڵــێ: لــە شــوێنێکی زۆر تەنــگا دانــاوم، لەبــەر ئــەوە دڵــم تەنگــە. ئەویــش ئەڵــێ: ئیشــێکی زۆر چاکــی کــردووە شــوێنی ژنــان هەتــا تەنگتربــێ باشــترە! (ســەجادی٤، ٢٠٢٠: ١٠٣).

نوکتەکــە ژن لەڕێگــەی ئەرکــی سێکسییەوە پێناســە دەکات. لەپێنــاو چێژوەرگرتــن لەلایــەن کەســانی دی. مێینەکــە دەبێــت بــە بەرکارێکــی سێکســی لــە خزمەتــی نێرینــە و کۆمەڵــگادا. پێوەندییەکــی ســەرنجڕاکێش لــە نێــوان ســێکس و پیاوســالاری یــان باڵادەســتیی پیــاو هەیــە. ســێکس هێزێکــی وەک خاوەندارێتیــی بــە پیــاو دەدات.

لــەو وڵاتــی باڵەکایەتییــە لــە گونــدی «بێواتــە» مــام تەهــا هەبــوو هــەر خەریکــی ئیشــوکاری لادێ بــوو. وەکــوو ڕەز و بــاخ و جــووت و گا. ژنێکــی هەبــوو ئەویــش خەریکــی تووتــن و مەڕدۆشــین و نــان و هەویــر بــوو. هەمــوو عومریــان بەمجــۆرە ڕابواردبــوو. ڕۆژێــک مــام تەهــا ســەیری کــرد وا ژنەکــەی بارێکــی بارکــردووە و بــە هەچــە هەچــە کەوتۆتــە شــوێنی. لێــی پرســی: ئافــرەت ئــەوە بــۆ کــوێ ئەچــی؟ وتــی: وەڵا پیاوەکــە ئەچــم بۆســەر ئــەو قســنە و ئــەم بارەشــی بــە دیــاری بــۆ ئەبــەم، بەڵکــوو دوعــام بــۆ بــکا لــەلای خــوا کــە ﻫـﻤـکا بــە پیــاو. مــن ئــەم عەزیەتــەی بەســەر شــانمەوەیە بــۆم هەڵناگیــرێ - مــام تەهــا تــۆزێ ڕامــا و وتــی: ئافــرەت! وازبێنــە. لــە کەلــی شــەیتان وەرە خــوارەوە. ژن بــی و پیــاو بــی مــن تــازە پێــت فێربــووم هــەر ئەتگێم!(ســەجادی٧، ٢٠٢٠: ١٢٥-١٢٦).

نوکتەکــە فرەڕەهەنــدە. هەڵاتنــی ژن لــە چارەنووســی خراپــی پیشــان دەدات، بــەڵام بابەتەکــە ئەوهــا ســادە نییــە. نیگەرانــی ژنەکــە ڕێکوڕاســت پێوەندیــی بــە ڕەگــەزەوە هەیــە. ژنەکــە ڕای دەگەیەنێــت ژنبــوون بــە ئــازارە و پیاوبــوون هەمــان دۆخــی نییــە. لەبــەر ئــەوە پێــی وایــە ئەگــەر ژن نەبێــت و پیــاو بێــت، نیگەرانییەکانــی چارەســەردەبن. وەک ئــەوەی ئــەو دۆخــەی تێیدایــە دۆخێکــی «سروشــتی» بێــت و بــە بوونــی بایۆلۆژییانــەی وەک مێینــە بەســترابێتەوە، پێــی وایــە

تەنیا ڕەگەزگۆڕین چارەسەری دۆخەکەی دەکات. ژنەکە کەوتووەتە دۆخێکەوە کە لە جەستەی خۆی نامۆ بووە و لە دواییشدا کێشەکانی خۆی بە «سروشتی» دەزانێت تا «کۆمەڵایەتی».

کۆتایی نوکتەکە، کاریگەری کۆمەڵایەتی سێکس بەگوێرەی بکەر و بدەرەکە ڕوون دەکاتەوە. بکەرەکە-پیاوەکە، پێداگیریی دەکات چونکە سێکسی لەگەڵ ژنەکە کردووە-بەدڵنیایی لە پێگەی بکەردا-ئیتر ژنەکە ببێت بە پیاویش هەر ناتوانێت لە بندەستی دەربازبێت. نەک بە سادەیی لەبەر ئەوەی «پێی فێربووە»، بەڵکوو لەبەر ئەو مانا کۆمەڵایەتییەی لە کرداری سێکس بارکراوە؛ سێکس جەستەی ژنەکە(یان: بدەرەکە) دەکات بە کێڵگەی پیاوەکە(یان: بکەرەکە) و هێزێکی خاوەندارێتیی پێ دەبەخشێت.

لە خۆڕوانینی ژنی ناو نوکتەکە و سەیرکردنی جەستەی خۆی وەک هۆکار و سەرچاوەی کێشەکە، بەرەو کاریگەری شتاندنی سێکسییمان لەسەر خودی ژن دەبات. ئەو پێناسەکردنەی ژن کاتێک وەک نەریت و پێوەریی زاڵ لە کۆمەڵگادا برەودەستێنێت، چاوەڕوان دەکرێت لەلایەن ژنەوە ناوەکی بکرێتەوە و خۆشتاندنی مێینە (Female self-objectification) سەرهەڵبدات. نوکتە سێکسییەکان پاڵ بە ژنانەوە دەنێن وەک ئۆبژەی سێکسی لە خۆیان بڕوانن، ژنان ڕوانگەی پەسندکراوی کۆمەڵایەتی لەمەڕ چۆنیەتی پیشاندانی جەستەیان ناوەکی دەکەنەوە و وەک ئۆبژەی ئارەزووە سێکسییەکانی ئەو/ئەوانی دی خۆدەنوێنن.

شتاندنی سێکسی زۆر گرێدراوە بە ڕواڵەتی جەستەیی ژنەوە. لەو بارەدا ئەو بەهایەی بە ژن دەدرێت، دەچێتە ژێر باری سەرنجڕاکێشی جەستەیەوە. لەبەر ئەوە سەرسامکەر نییە کاتێک دەبینین لە نوکتەکاندا ژنانی پیر چۆن بە ئامانج دەگیرێن و سووکایەتییان پێ دەکرێت، چونکە ئەوان نە جەستەیەکی سەرنجڕاکێشیان ماوە، نە توانای خزمەتگوزاری سێکسی.

٢,٦ پیرێژنیەتی

پیربوون لە نێرینەدا وەک ئەقڵ و ئەزموون، بەڵام لە مێینەدا بە خەڵەفاویی پێناسە دەکرێت؛ ئەو جیاوازییە بە زەقی لە گاڵتەوگەپی کوردیدا دەردەکەوێت. چونکە ژن بە جەستە پێناسە دەکرێت، لەگەڵ لەکورتیدانی لەبارییە جەستەییەکەی، وەک شتێکی بێکەڵک سەیر دەکرێت.

پیرێژن لە گاڵتەوگەپی کوردیدا وێنەیەکی خراپەکارانەی هەیە. بە شەیتان و بەڵکوو خراپتر وێنا دەکرێت. بەپێی گێڕانەوەیەکی گاڵتەوگەپییانە، کاتێک شەیتان لە گۆڕینی شایی بە شین شکستی هێنا، پیرێژن وەک فریادڕەسی شەیتان دەرکەوت و مەرگەساتی دروستکرد. لە بەرانبەردا «شەیتان دەستی پیرێژنی ماچ کرد و وتی: نەوەک شاگرد! ئیتر پورێ هەتا ماوم خزمەتکارتم!»(سەجادی١، ٢٠٢٠: ١٨٨). پیاوێک چووە لای مەلایەک لەبارەی هەڵبژاردنی هاوسەرێکەوە ئامۆژگاری بکات. مەلاکە پێی گوت خۆت لە بێوەژن و پیرێژن بپارێزە: «پیرێژن ژارە، هەناسەی مارە»(سەجادی١، ٢٠٠٢: ١٢١). ئەو دەقانە بە تەواوەتی دژەژنن. ئیش لەسەر ناشیرینکردنی ژنانی پیر دەکەن، ئەو ژنانەی چیتر ناتوانن هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە پیاوانیان دەکرد، پێشکەش بکەنەوە.

مەلا عەلی قوچەبڵباسی گێڕایەوە وتی: کوڕێکی خارۆزام هەبوو دایکێکی هەبوو، چووینە ئەوێ، هەر بانگی داکەکەی ئەکرد، ئەویش نەدەهات. کوڕە تووڕە بوو وتی: دە وەرە پیرێژنە قۆڵترە! ئەمجا پیرێژنە هات و بە کوڕەکەی وت: کوڕم پێم بڕێ قۆرترە، بەڵام مەرێ پیرێژنە!(سەجادی٧، ٢٠٠٢: ٢٧-٢٨).

ژنێک هەبوو لە کەرکووک لە بەر «تەکیە» میمکە حەنیفی ناو بوو، زۆر پیر و پەرپووت بوو، بەم و بەو ئەژیا، لێیان ئەپرسی میمکە حەنیف عومرت؟ ئەیوت: «بە قوربانتان بم، پێنج و حەو ساران» (سەجادی٥، ٢٠٢٠: ٥٥).

کابرایەک زستان بوو خەریکی پیرەژنێ بوو، لە کاتی ئیشکردنا دەری هێنا، پیرێژنەکە وتی ئەوە چی ئەکەی؟ کابرا وتی: «وەڵڵا تاقی ئەکەمەوە بزانم ناوەوە ساردترە یا دەرەوە؟» (سەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٨٥).

لەو وڵاتی ئالانە پیرێژنێک ئەبێ ئیشی هەر چیلەکەکێشان ئەبێ و لەگەڵ کچانا ئەچوو، هەموو جارێ ڕووی ئەکردە کچەکان ئەیوت هاوڕێکانم با بچین بۆ چیکلەکەمان. خۆی ئەبردە ڕیزی ئەوان. کابرایەکی پیر کە

کۆنە هاوڕێی پیرێژنەکە ئەبێ و ئەم قسەیەی گوێی لێ ئەبێ، ڕوو ئەکاتە پیرێژنە و ئەڵێ: پرتی قوونت نەماوە و بە قوزی کچان دەمیزی (سەجادی٨، ٢٠٢٠: ٧٧).

کوڕێکی قوماربازی جەهێل پیرێژنێکی حەفتا ساڵی هێنابوو. ڕۆژێک کوڕە داوای ئاوی کرد، پیرێژنەکە تەکانی دا هەڵسێ، نەیئەتوانی، کوڕەکە دەستی دایە پەلی هەڵیسێنێ، پیرێژن ئەیوت: «ئای هەتیو قۆڵم ڕامەکێشە چاوم خێل ئەبێ» (سەجادی١، ٢٠٢٠: ١٧٣).

کوڕێکی کورد هەبوو گاڵتەچی بوو، هەموو ڕۆژێ کە ئەڕۆیشتەوە ماڵەوە دایکێکی پیری هەبوو لێی ئەپرسی: ڕۆڵە دەنگوباس چییە؟ ڕۆژێک دیسان پرسی، کوڕەش وتی: بە خوا دایە ئیمڕۆ بە فەرمانی پاشا جاڕیان دا هەرچی بێوەژنێک دانێکی مابێ ئەبێ شوو بکا، هەرکەس نەیدا بە شوو تووشی جەریمە ئەبێ! پیرێژنەیش وتی: ڕۆڵە دەخیل خۆت تووشی جەریمە مەکە، ئەوەتە، من دوو کوتەرە دانم ماوە! (سەجادی١، ٢٠٢٠: ١٣٢).

بەکارهێنانی پیرێژن وەک بابەتی گاڵتەپێکردن و پێڕابواردن، لەبەر یەک هۆی دیاریکراوە: لەدەستدانی توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە سێکس، وەچەنانەوە و ماڵداری. نوکتەکان نیگەرانی قووڵ و جددی ژنان دەردەخەن لە پیریەتی و پیربوونیان. ئەوان تەنانەت نیگەرانن لەوەی بە «پیرێژن» بانگ بکرێن، چونکە خودی چەمکەکە زۆر بە قووڵی لەگەڵ سووکاتی و گاڵتەپێکردن تێکەڵکێش بووە. لەبەر ئەوە پیرێژنێک پێی خۆشترە بە «قۆلتڕ» بانگ بکرێت، بەس پێی نەگوترێت پیرێژن. لەکاتێکدا قۆتڕ و قۆلتڕ لە بنەڕەتدا بە مانای وڵاخی پیری پەککەوتە(خاڵ، ٢٠٠٥) و لەکارکەوتوو(شێخانی، ٢٠٠٩) دێت. بەکارهێنانی قۆتڕ بۆ ژن، بە ئاژەڵکردنی ژن و نامرۆڤکردنیەتی. دەستەواژەی «پیرە قۆتڕە» بەکارهێنانێکی فرەوانی هەیە، سەرنجڕاکێشە کە قۆتڕ بەخۆی ئەو وڵاخە باربەر یان بارگینە پەککەوتەیە(هەژار، ١٩٩٠) کە ئەوەندەی لە توانایدا بووە، خزمەتیکردووە و دواجار بەهۆی پیربوونییەوە لە خزمەتکردن کەوتووە. گرێدانی پیرێژن و پیرەبارگینی پەککەوتە، لە نامرۆڤکردنی ژنەوە دێت. هەردووکیان لەلایەن پیاوەوە بەکاردەهێنرێن لە خزمەتی پیاو و کۆمەڵگادا. کاتێکیش پیر دەبن و توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییان نامێنێت، وەک شتێکی بێکەڵک لێیان دەڕوانرێت.

هێشتا وەک دەردەکەوێت، پیرێژنبوون ئەوەندە نیگەرانکەرە کە ژنەکە ناوێک بۆ خۆی بە پەسندتر دەزانێت کە خەسڵەتێکی ئاژەڵی پیشان دەدات. لەبەر ئەو دۆخە نیگەرانکەرەیە کە لە نوکتەکانی دیکەدا هەڵاتن و نکوڵیکردنی ژنان لە پیریەتی دەبینین. وەک ئەو پیرێژنەی لە تەمەنی خۆی بچووک دەکاتەوە یان ئەو پیرێژنانەی ڕەفتاریی کچانی تازەپێگەیشتوو دەنوێننەوە. نکوڵیکردنی پیرێژن لە پیریەتی، نیشاندەری جەبەڕووتی پیاوسالارییە بەسەر ژنەوە.

### نیگەرانی هاوسەرگیریی

خێزان وەک کایەی تایبەت بە ژنەوە گرێدراوە. نوکتە سێکسی و ڕەگەزییەکان بەتوندی هەڵدەکوتنە سەر کایەی خێزان و ژیانی هاوسەرگیری. نوکتەکان پشتگیری لە هاوسەرگیری ناکەن، پیاوانێک پیشان دەدەن کە لە ژیانی خێزانییان ڕادەکەن. ئەوان بەهۆی هاوسەرگیرییەوە تووشی نەهامەتی و نیگەرانی قووڵ بوونەتەوە و بەڕاشکاوی ژنەکان بە هۆکاری سەرەکی ئەو نیگەرانی و نەهامەتییە دەزانن.

کابرایەک هەبوو لەو سەرشێوە نەخۆش کەوت و ئامۆژگاری ژنەکەی کرد وتی: ئافرەت کە مردم مێرد بکە بە مام وسووی دراوسێمان. ئافرەتەکە وتی: بۆچی؟ وتی: ئەو بێفەڕە جارێک مانگایەکی پێ فرۆشتم هەر زۆر زۆر بێفەڕ بوو؛ هیچ کەڵکی نەبوو. ئەمەوێ تۆڵەی لێ بکەمەوە!(سەجادی٤، ٢٠٢٠: ١١٢).

ژنێک هەبوو لە سنە فەرەنگێزخانمی ناو بوو. حەو مێردی کردبوو هەموویان مردبوون. کابرایەک هەبوو ئۆسا فەتێی ناو بوو ئەو مارەی کرد. ئۆسا فەتێیش هاتە سەروبەری مردن. جا فەرەنگێزخانم لە ژوور سەریەوە دانیشتبوو ئەگریا، ئەیوت: باوانەکەم! ئاخر کە تۆ ئەڕۆی من بە کێ ئەسپێری؟ ئۆسا فەتیش وتی: بە قوڕمساغی نۆیەم!(سەجادی٤، ٢٠٠٢: ١٠٨).

سەی حەمەحەسەنێک هەبوو، خەڵکی سنە بوو، ژنی زۆر زۆری ئەهێنا، جارێک ژنێکی هێنا و ژنە پاش ماوەیەک نەخۆش ئەکەوێ و بە سەی حەمەحەسەن ئەڵێ: «پیاوەکە ئەگەر من مردم تۆ چی ئەکەی؟». سەی حەمەحەسەنیش ئەڵێ: «ئافرەت ئەگەر تۆ نەمردی من چی بکەم؟(سەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٣٤).

ژنێک مێردێکی هەبوو مرد، لە پاش بەینێ لە خەوا چاوی پێی کەوت، لێی پرسی: پیاوەکە حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ وتی: زۆر خۆشە. وتی: گوایە لەو زەمانەش خۆشترە کە لەگەڵ منا بووی؟ وتی: هەزار قات. وتی: کەواتە پیاوەکە توخوا تۆزێ باسی بەهەشتم بۆ بکە. وتی: وەڵڵا ئاگام لێ نییە. وتی: بۆچ ئەی تۆ لە بەهەشتا نیت؟ وتی: ناوەڵڵا لە جەحەننەمام!(سەجادی١، ٢٠٢٠: ٢٢١).

ناوەڕۆکی دژەژنانەی هەموو ئەو نوکتانەی پێوەندییان بە ژیانی هاوسەرگیرییەوە هەیە، بەڕوونی دیارە. ئەو جۆرە نوکتانە باون و هەمان پێداگیریی بێمیلەر و شنایدەر (٢٠١٠) پاتە دەکەنەوە. پەیامی نوکتەکان ئەوەیە: هاوسەرگیری بە واتای کۆتایی هاتنی ژیانی سێکسی مرۆڤ و لە ئەنجامدا دابەزینی بەهای ژنان لە یەکێتیی هاوسەرگیریدا. ژنان شتگەلێکن بۆ چێژوەرگرتنی پیاوان کە هیچ بەهایەکی ڕاستەقینەیان لە دەرەوەی چێژی سێکسیدا نییە (Bemiller & Schneider, 471).

### توندوتیژی

نوکتەکان نەک هەر ڕەنگدانەوە و دەرخەری بەکارهێنانی توندوتیژیین لەلایەن پیاوانەوە بەدژی ژنەکان، بگرە ڕەوایەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژن دەدەن. ئامانجەکە کۆنترۆڵکردنی ژنە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە. نوکتەکان پشتگیریی لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن وەک ڕێگایەکی ڕەوا بۆ کۆنترۆڵکردن یان بندەستیی ژن و بەرگری لە سەردەستیی پیاو. بەو شێوەیە خزمەت بە بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیای زاڵی پیاوسالاری دەکەن.

حەمەی نادر هەبوو لەو شارەزوورە برایەکی هەبوو، ئەم برایە ژنێکی هەبوو ڕۆژێ کوڵابوو بە دەستیەوە هەموو جارێ گلەیی لە لای حەمە ئەکرد کە ژنەکەی لەگەڵیا باش نییە، حەمەش پێی ئەوت برام خۆت پیاو نیت، ئەگینا ژن چییە پیاو بە دەستییەوە بکەویتە زەلالەتەوە، دەسا ژنەکەی من هەر کە چاوی لێ بەرز ئەکەمەوە لەوانەیە زەنەقی بچێت. ئەویش وتی جا برا تۆ چیت لەگەڵ کردووە وا بەو جۆرە هاتۆتە ژێر ڕکێفت. حەمە وتی: هەر کە جووڵاوەتەوە بە تاکە کەوش سەر و گوێلاکیم ناوەتە یەک. جارێک و دوو جار وام لەگەڵ کردووە، ئێستا ئیتر وەکوو ماستی مەیووی لێ هاتووە. وتی سا برا وەڵڵا منیش وای لەگەڵ ئەکەم، یاخوا کارت ڕاست بێ برا وا ئەم ڕێگایەت پیشان دام! ئیتر بێگومان ڕزگارم ئەبێ. کابرا بە دڵێکی خۆشەوە چووەوە بۆ ماڵەوە، هەر کە چووە ژوورەوە بەبێ چرپە تایێ لە کەوشەکانی داکەند بۆ ئەوە بیماڵێ بەسەر ژنەکەیا و ئاقڵی بکا، ژنەکەی چاوی پێ کەوت لێی شیتان و وتی کوڕە ئەوە شێت بووی وا ئەو تاکە کەوشەت داکەند؟ کابرا وتی نەوەڵڵا خانم گیان! ئەوە بۆ ئەوەم داکەند بیماڵم بەسەر خۆما(سەجادی٥، ٢٠٢٠: ١٦٩).

ژنێک سێ کچی هەبوو، یەکێکیانی دا بەشوو، پێی وت: ڕۆڵە، شەو کە ئەچیتە لای مێردەکەت لەو وەختەدا کە خەریکی ئیشکردنە بزێکی پێوە بکە، بزانە ئەڵێ چی! کچە، شەو، کە مێردەکەی چووە لای وەکوو دایکی پێی وتبوو، بزێکی بە مێردەکەیەوە کرد! مێردە زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: ئای ئەوە بۆچی وا ئەکەی؟ سبەینێ دایکەکە لە کچی پرسی: ها، ڕۆڵە چی بوو؟ وتی: دایکە بزەکەم پێوە کرد زەردەخەنە گرتی و وتی بۆچی وا ئەکەی! دایکی وتی: ڕۆڵە ئەوە کەرێکە خوا پێی داوی، بەختت چاکە تا ماوی سواری بە. کچی ناونجی دا بە شوو، بەو جۆرە ئامۆژگاری ئەویشی کرد شەو کە کچە مێردەکەی هاتە لای بزێکی بە مێردەکەیەوە کرد، کابرا ڕاپسکا و هیچ دەنگی نەکرد، بەیانی دایکی کچە کە لە کچەی پرسی: چی بوو؟ وتی: دایە کە بزەکەم پێوە کرد ڕاپسکاو و دەنگی نەکرد، وتی ڕۆڵە تۆیش هەر باشی ئەوەندە هەیە هەروەخت ئەو تووڕە بوو، تۆ هیچ دەنگ مەکە. ئینجا کچی سێیەمی دا بەشوو، بەویش هەرواى وت. شەو، کە مێردەکەی چووە لای، لەو وەختەدا بزێکی بە مێردەکەیەوە

کـرد. مێردەکـە کێشـایەوەو ئیشـەکەی نەکـرد. هەسـتا خـۆی کۆکـردەوەو بـە کچـە کـەی وت: توخـوا بزانـم ئـەو پەنجەتـە کامـە بـوو بـا ماچـی بکـەم؟ کچـە پەنجەکـەی خـۆی پیشـان دا، کابـرا چەقۆیەکـی دەرهێنـاو ئەنگوسـتی بڕیـەوە. کچـە کەوتـە قـوڕە قـوڕ و هـاوار هـاوار تـا بەیانـی، بەیانـی دایکـی هـات لێـی پرسـی: چـی بـوو؟ وتـی: دایـە خـوا بتگـرێ بـۆ ئامۆژگاریـت، ئـەوا ئەنگوسـتێکم لەسـەر دانـا. دایکـی وتـی: ڕۆڵـە ئەنگوسـتێک بـڕوا چاکترە تـا خـۆت. ئـەوا پێـت ئەڵێـم مێردەکـەت مێـردە، هـەر ببزویتـەوە ئەتکـوژێ، جـا ئەبـێ بـە هەمـوو جـۆر ملـی بـۆ ڕاکێشی(سـەجادی١، ٢٠٢٠: ١٨٢-١٨٣).

نوکتـــەکان تەنیـــا دەرخـــەری توندوتیـــژی دژی ژن نیـــن، بەڵکـوو بانگەشـە بـۆ بەکارهێنانـی توندوتیـژی دەکـەن وەک ڕێگـەی گونجـاو بـۆ بندەسـتکردنی ژن. کاتێـک سـەرنج لـە ناوەڕۆکـی نوکتـەکان دەدەیـن، ڕوون دەبێتـەوە کـە نوکتـە سێکسـییەکان و توندوتیژییەکانـی وەک زۆرگێکـردن، لێـدان، تەنگپێهەڵچنینـی ژنـان و شـێوازەکانی دی، هـەر تەنیـا دەربـڕی ڕەفتـاری لادەرانـەی هەندێـک پیاوانیـن، بەڵکـوو بەشـێکن لـە تـەواوی سیسـتەمێکی باڵادەسـتیی پیـاوان بەسـەر ژنـەوە(Mies, ١٩٨٦: ٢٧).

نوکتـــەکان بەهـــای بـــەرز بـــەو پیاوانـــە دەدەن کـــە لـــە ڕێگـەی توندوتیژییـەوە ژنەکانیـان ملکـەچ دەکـەن. لەکاتێکـدا لـە بەهـای ئـەو پیاوانـە کـەم دەکرێتـەوە کـە لەگـەڵ ژن توندوتیژنیـن. بانگەشـەی نوکتـەی یەکەمیـان ئەوەیـە کـە پیاوەتـی پیـاو بـە بندەسـتکردنی ژنەکـەی گرێـدراوە و ئەگـەر پیاوێـک نەتوانێـت کۆنترۆڵـی ژنەکـەی بـکات، لـە پیاوبـوون دەکەوێـت. لەبـەر ئـەوە پیـاو دەبێـت لەڕێگـەی توندوتیژییـەوە هەژمـوون بەسـەر ژنـدا بـکات. لـە نوکتـەی دووەمـدا، ئـەو پیـاوەی لـە بـری کاردانـەوەی توندوتیژانـە بـە «زەردەخەنە»یـەک وەڵامـی ژنەکـە دەداتـەوە، نـەک هـەر لـە بەهـای کـەم دەکرێتـەوە، بەڵکـوو لـە مـرۆڤ دەخرێـت و بـە «کـەر» دەکرێـت. لەکاتێکـدا ئـەو پیـاوەی ئەنگوسـتی ژنەکـەی دەبڕێـت وەک «مێـرد» و پیـاوی ڕاسـتەقینە پێناسـە دەکرێـت.

ئەنجام

گاڵتەوگەپـی سێکسـی و ڕەگـەزی، پانتاییەکـی بەرفـرەوان لـە گاڵتەوگەپـی کـوردی پێـک دێنێـت. دەقـە نوکتەییـەکان یـان ژن بـە ئامانـج دەگـرن یـان ژن وەک بابـەت بەکاردێنـن لەپێنـاو مەبەسـتێکی دی و لـە هـەردوو بـاردا لـە ژن کـەم دەکەنـەوە، سـووکایەتی و بێڕێـزی پـێ دەکرێـت.

گاڵتەوگەپـی کـوردی ئایدیۆلۆژیـای زاڵـی پیاوسـالاری دەردەخـات و درێـژەی پێدەداتـەوە. بەها نەرێتییەکانی پێوەست بـە نێرایەتـی بەرزدەنرخێنرێـن و مێینەیـی لێـی کـەم دەکرێتـەوە.

گاڵتەوگەپـی سێکسـی بانگەشـەی پلەبەنـدی ڕەگـەزی لـە نێـوان ژن و پیـاودا دەکات. بەدڵنیایـی سـەرتریی پیـاو و کەمتریـی ژن دەردەخـات.

شـتاندنی سێکسـی ژن یەکێـک لـە ئەرکـە سـەرەکییەکانی گاڵتەوگەپـی سێکسـییە. نوکتـەکان ژن وەک شـت/ئامێرێک پیشـان دەدەن لـە پێنـاو پڕکردنـەوەی چێـژ و ئـارەزووە سێکسـییەکانی یەکێکـی دی.

گاڵتەوگەپـی سێکسـی بەهـای ژن بەگوێـرەی ڕواڵەتـی جەسـتەیی و ئـەو خزمەتگوزارییـە سێکسـییەی پێشکەشـی دەکات، دەستنیشـان دەکات. ژن تـا ئـەو شـوێنە بەهـای هەیـە کـە دەتوانێـت خزمەتگـوزاری سێکسـی پێشـکەش بـکات و لـە دەرەوەی ئـەوە، بـە «نەفـرەت» دەکرێـت، وەک ئـەوەی بەرانبـەر بـە «پیرێـژن» دەردەکەوێـت.

گاڵتەوگەپـی سێکسـی وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتی کار دەکات لـە پێنـاو پارێـزگاری لـە سیستەمی زاڵـی پیاوسـالاری کـە سەردەسـتیی پیـاو و بندەسـتیی ژن پاتـە دەکاتـەوە.

گاڵتەوگەپـی سێکسـی بانگەشـەی بەکارهێنانـی توندوتیـژی دژی ژن دەکات وەک ڕێگەیەکـی کارا و ڕەوا لـە پێناو کۆنترۆڵکردنی ژنـدا. لەکاتێکـدا گاڵتەوگـەپ فۆڕمێکـی ڕێپێـدراوی کۆمەڵایەتـی دابینکـردووە بـۆ دەربڕینـی ئازادانـەی دژەژنـی و هەروەهـا توندوتیـژی زارەکـی لـەو فۆڕمـە پەسـندکراوە کۆمەڵایەتییـەدا.

دوو هاوبەشـی کـرداری سێکسـی، یەکسـان و هاوتـا نیـن. یەکێکیـان کـە بـە «بکـەر» پێناسـە دەکرێـت، لەڕێگـەی سێکسـەوە نـەک هـەر هەژمـوون و باڵادەسـتی بەسـەر ئەویـدی «بدەر»ەکـە دەسـەپێنێت، بەڵکـوو خاوەندارێتیکردنـی. ژن هـەردەم پێگـە لاواز و بندەسـتەکەیە.

سەرچاوەکان

خاڵ، شێخ محەمەد. «فەرهەنگی خاڵ»، هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥.

سەجادی، عەلائەدین. «ڕشتەی مرواری». بەرگی یەکەم تا هەشتەم. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان. ٢٠٢٠.

شرفکندی، عبدالرحمن. «هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی». ویراستیار: محمدماجد مردوخ روحانی، تهران: انتشارات سروش، ١٩٩٠.

شێخانی، عەبدولوەهاب. «فەرهەنگی شێخانی». دهۆک: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.

Baldissarri, C., Andrighetto, L., Gabbiadini, A., Valtorta, R.R., Sacino, A. and Volpato, C., 2019. Do self-objectified women believe themselves to be free? Sexual objectification and belief in personal free will. *Frontiers in psychology*, *10*, p.1867.

Bemiller, M.L. and Schneider, R.Z., 2010. It’s not just a joke. *Sociological Spectrum*, 4)*30*), pp.479-459.

Berhang, J.M., 2009. Unruly Wives and Dancing Girls: The Objectification of Women in Aristophanic Comedy.

Breeden, C., 2017. *The Effect of Sexist Humor on Women’s Sense of Possible-Selves*. Western Carolina University.

Ford, T.E., Woodzicka, J.A., Petit, W.E., Richardson, K. and Lappi, S.K., 2015. Sexist humor as a trigger of state self-objectification in women. *Humor*, 2)*28*), pp.-253 269.

Mallett, R.K., Ford, T.E. and Woodzicka, J.A., 2016. What did he mean by that? Humor decreases attributions of sexism and confrontation of sexist jokes. *Sex Roles*, *75*, pp.284-272.

Mies, Maria. Patriarchy and Accumulation on a World Scale, London: Zed Books Ltd, 1986.

Montemurro, B., 2003. Not a laughing matter: Sexual harassment as “material” on workplace-based situation comedies. *Sex roles*, *48*, pp.445-433.

Nussbaum, M.C., Objectification.‖ Philosophy Public Affairs, vol. 24, no. 1995 ,4. *doi*, *10*, pp.291-249.

Prusaczyk, E., 2018. Women’s internalization and rejection of sexist humour.

Szymanski, D.M., Moffitt, L.B. and Carr, E.R., 2011. Sexual objectification of women: Advances to theory and research 1ψ7. *The Counseling Psychologist*, 1)*39*), pp.38-6.

Venditto, B., Set, B. and Amaambo, R.N., 2022. Sexualization and dehumanization of women by social media users in Namibia. *Sexes*, 3)*3*), pp.462-445.

Wouters, C., 2010. Sexualization: Have sexualization processes changed direction?. *Sexualities*, 6)*13*), pp.741-723.

Zurbriggen, E.L., 2013. Objectification, self-objectification, and societal change. *Journal of Social and Political Psychology*, 1)*1*).

## ملخص

يعـد محتـوى وتأثـير الفكاهـة الجنسـية مـن مجـالات البحـث المهمـة، وقـد تـم جمـع مجموعـة هائلـة مـن المؤلفـات والأبحـاث حولهـا. ببسـاطة، تظهـر النـكات الجنسـية عـلى أنهـا كارهـة للنسـاء وتدعـم أيديولوجيـة تفـوق الذكـور، مـن خـلال التقليـل مـن شـأن النسـاء لأغـراض جنسـية. تحـدد هـذه الدراسـة الفكاهـة الجنسـية في إطـار الفكاهـة الكرديـة. مـن خـلال تحليـل المحتـوى، سـيتم شرح ٣٥٥ مزحـة متحيـزة جنسـياً، حيـث تعمـل لصالـح أيديولوجيـة تفـوق الذكـور السـائدة، تخـدم العديـد مـن الوظائـف، مثـل تعزيـز التسلسـل الهرمـي الجنسـاني، وتفـوق الذكـور، وتشـييء المـرأة، والدعـوة إلى العنـف ضـد المـرأة. وبهـذه الطريقـة، تعمـل الفكاهـة الجنسـية كأداة للسـيطرة الاجتماعيـة مـن أجـل حمايـة النظـام المهيمـن واسـتقرار الوضـع لأنـه هيمنـة للذكـور وإخضـاع للإنـاث.


الكلمات المفتاحية: الفكاهة الجنسية، الجنس، التسلسل الهرمي للجندر، التشييء الجنسي.


## Abstract

Content and effects of sexist humor are important areas of research, an enormous body of literature and research have been collected on them. simply, the sexist jokes appear as misogynistic and support the male supremacy ideology, by belittling women to sex objects. This study identifies sexist humor in the frame of Kurdish humor. By content analysis, 355 sexist jokes will be explained, in which, they work in advantage of the dominant male supremacy ideology, serving many functions, such as promoting gender hierarchy, male supremacy, objectification of women and advocation for violence against women. In that way, sexist humor works as a socially controlling tool for the sake of protection of the dominant system and stabilizing the situation as it is -male dominance and female subjugation.


Keywords: sexist humor, Gender, Gender hierarchy, sexual objectification.